# به دڵنیاییەوە، ئەوەی خەڵکی پێی گەیشتوون وفێربوون لە قسەی پێغەمبەرانی پێشوو؛ ئەوەیە کە ئەگەر شەرمت نەکرد ئەوا هەرچی ئارەزوو دەکەیت بیکە

لە ئەبی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دڵنیاییەوە، ئەوەی خەڵکی پێی گەیشتوون وفێربوون لە قسەی پێغەمبەرانی پێشوو؛ ئەوەیە کە ئەگەر شەرمت نەکرد ئەوا هەرچی ئارەزوو دەکەیت بیکە».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت لەو وەسیەت وئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرانی پێشوو فەرموویانە، وخەڵکی لەنێو خۆیاندا باسیان کردووە وبووە بە میرات لەنێویان سەدە لەپاش سەدە، هەتاوەکو گەیشتە سەرەتای ئەم ئومەتە، وەسیتەکە ئەمەیە: بڕوانە دەتەوێت چی بکەیت، ئەگەر شتێك بێت کە شەرم ناکەیت لە کردنی؛ ئەوا بیکە، وئەگەر شتێك بێت شەرم لە کردنی دەکەیت؛ ئەوا مەیکە، چونکە ڕێگر لە کردنی شتی ناشیرین وقەدەغەکراو؛ شەرمە، ئەوەی شەرمی نەبێت ئەوا تووشی هەموو تاوانێکی خراپ وقێزەوەنی دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4559

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee